بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١١٧) لە ٢٠٢١/١٠/٢٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٨) لە ٢٠٢١/١٠/٢٧ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. داشکاندنی ڕێژەی ١٥٪ لەسەدا پانزدە لە قەرزی کرێی کارەبا و سزاکانی دواکەوتن و سەرپێچی کارەبا بۆ سەرجەم هاوبەشانی تۆڕی نیشتمانیی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە گشت سێکتەر و بوارەکاندا بە مەرجێک تا ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٣١ بڕی پارەی پێویست بدەن کە لە ئەستۆیانە تا ئەو ڕێکەوتە.

٢. ڕاسپاردنی (وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی دارایی و ئابووری، سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران) بۆ چاوخشاندنەوە بە نرخی فرۆشتنی کارەبای تۆڕی نیشتمانی بە هاوبەشان لە گشت بوار و سێکتەرەکان بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی و تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕەچاوکردنی پێوەری دادپەروەرییانە.

٣. ڕاسپاردنی ناوبراوان لە بڕگەی (٢)ی سەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگارەکان و سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆکان بۆ دیراسەکردنی هۆکارەکانی بەردەم کۆنەکردنەوەی داهاتی کرێی خزمەتگوزاریی کارەبا لە هاوبەشانی تۆڕی نیشتمانی و خستنەڕووی چارەسەر و پێشنیارەکان بۆ ئەم مەبەستە.

٤. ئەم بڕیارە لە ١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ جێبەجێ دەکرێت.

٥. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران